# هەواڵنامەی یونامی

نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق

هەواڵنامەی ژمارە 18 | تشرینی دووەمی 2011


## لەم ژمارەیەدا


نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان مارتن كۆبلەر لەگەڵ سەركردەكانی عیراق و ناوچەكە كۆ دەبێتەوە ........................ 1

عیراق لە پاڵاوتنی كۆمیسیاران بۆ دەستەی مافی مرۆڤی وڵات نزیك دەبێتەوە ................................ 2

ڕێككەوتن لە نێوان ڕێكخراوی (UNDP) و حكومەتی نەرویژ بۆ پشتگیریكردن لە ڕزگاربووانی توندوتیژیی جێندەری ئیمزا كرا ................................ 3

وەزارەتی تەندروستی عیراق و ڕێكخراوی یونیسێف هاوبەشانە هەڵمەتی كوتانی منداڵان دژی نەخۆشی سیل ئەنجامدەدەن ................................ 4

بەرپرسان و شارەزایان بایەخی زیاتر بە گەنجان دەدەن ................................ 4

كورتەی هەواڵەكان ................................ 5

لیستی كورتكراوەی ناوەكانی ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان ................................ 7


## نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان مارتن كۆبلەر لەگەڵ سەركردەكانی عیراق و ناوچەكە كۆدەبێتەوە




نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان مارتن كۆبلەر قسە بۆ ڕاگەیاندن دەكات دوای كۆبوونەوەی لەگەڵ ئایەتوڵڵا سیستانی و سەركردە ئاینی و سیاسییەكانی تر لە نەجەف لە ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١١. وێنە: سەباح ئەلعەرزرز/ یونامی

لەوەتەی دەستبەكاربوونییەوە، نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ عیراق مارتن كۆبلەر چاوپێكەوتنی بە هەموو كاربەدەستانی لە عیراق و ناوچەكە كردە پێشینەكاری خۆی. هەر لەمانگی تشرینی دووەمدا، ئەو بەڕێزە سەردانی سەرتاسەری وڵات و دەوڵەتی كوێتیشی كرد بۆ چاوپێكەوتن لەگەڵ بڕیاربەدەستە سەرەكییەكان.

لە ٢١ی تشرینی دووەمدا، بەڕێزی سەردانی شاری نەجەفی كرد و لەوێش لەگەڵ ئایەتوڵڵای مەزن سیستانی و ئایەتوڵڵای مەزن موحەممەد سەید ئەلحەكیم و شێخ موحەممەد ئەلیاقوبی و شێخ سەلاح ئەلعوبەیدی و بەڕێز كەرار خەفاجی لە بزووتنەوەی سەدر و پارێزگاری نەجەف بەڕێز عەدنان زورفی كۆبۆوە. ئەو بەرپرسە هەرەباڵایەی نەتەوە یەكگرتووەكان لە عیراق ئەو هەڵەی قۆزتەوە بۆ تاوتوێكردنی دەوری یونامی لەگەڵ سەركردە ئاینی و سیاسییەكان و سەردانكردنی مەزاری پیرۆزی ئیمام عەلی.

هەر دوو ڕۆژیش دواتر، بەڕێزی یەكەم سەردانی فەرمی خۆی بۆ دەوڵەتی كوێت ئەنجامدا و لەوێش لە پایتەخت لەلایەن پادشای ئەو وڵاتە خاوەن شكۆ شێخ سەباح ئەلئەحمەد ئەلجابرەوە پێشوازی لێكرا.

هەروەها كۆبلەر لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی كوێتی شێخ ناسر ئەلسەباح و وەزیری كاروباری دەرەوە شێخ سەباح ئەلسەباح و باڵوێزی عیراق لە كوێت موحەممەد حوسێن بەحرولعلوم كۆبۆوە. بەڕێزی چەندان كۆبوونەوەی گرنگ و بەسوودیشی لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی تری وەك سەرۆكی

> ***"من ئەو هەستەم لا دروست بوو كە هەردوو وڵاتی عیراق و كوێت چاویان بڕیوەتە ئایندەیان و خوازیاریشن كە پرسە هەڵپەسێردراوەكانیان لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بكەن بەشێوەیەك كە خزمەتی بەرژەوەندییە هاوبەشەكانیان بكات"***
>
> ***نوێنەری تایبەتیی سكرتێری گشتی بۆ عیراق بەڕێز مارتن كۆبلەر***

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوێت بەڕێز جاسم ئەلخەرافی و جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی قەرەبوی کوێت خاتو سەبیحە ئەلعەبدولڕەزاق ئەنجامدا.

بەڕێز کۆبلەر وتیشی: "لە مانگەکانی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمدا من چەندان کۆبونەوەم لەگەڵ بەرپرسانی عیراق ئەنجامدا. ئەم هەفتەیەش شەرەفی ئەنجامدانی یەکەم سەردانی فەرمیم بۆ کوێت پێ بڕا. من لەگەڵ ئەمیری وڵات و سەرۆك وەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە و ژمارەیەك لە بەرپرسانی کوێت کۆبوومەوە. لە هەموو ئەو کۆبوونەوانەشدا، چ لە بەغداد و چ لە شاری کوێت، من تاوتوێی مەودای فراوانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەم کردووە. من ئەو هەستەم لا دروست بوو کە هەردوو وڵاتی عیراق و کوێت چاویان بڕیوەتە ئایندەیان و خوازیاریشن کە پرسە هەڵپەسپردراوەکانیان لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکەن بەشێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان بکات.هەردوو وڵات دەتوانن پشت بە هاریکارییەکانی یونامی ببەستن لەم بوارەدا".

لە کۆتایی تشرینی دووەمی ٢٠١١، لە ٢٨ی مانگدا ئەو بەڕێزە بە سەردانێکی دووڕۆژەگەیشتە هەولێر و لەوێ بەڕێزی لەگەڵ سەرکردە هەرەباڵاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانیشەوە، و سەرۆك وەزیران بەرهەم ساڵح کۆبۆوە.

بەڕێز کۆبلەر لەگەڵ بەرپرسان تاوتوێی دەوری یونامی کرد لە هاریکاریکردنی حکومەت و خەڵکی هەرێمەکە. ئەو هەروەها لەگەڵ سکرتێری گشتیی ئەنجومەنی باڵای خانمان خاتو پەخشان زەنگنەش کۆبۆوە.

**مافەکانی مرۆڤ**

# عیراق لە پاڵاوتنی کۆمیسیاران بۆ دەستەی مافی مرۆڤی وڵات نزیك دەبێتەوە

نوسینی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی یونامی

(لێژنەی شارەزایان)ی عیراقی، کە ئەنجومەنی نوێنەران ئەرکی دیاریکردنی ١١ بەربژاری پێ سپاردووە بۆ ئەوەی وەك کۆمسیار لە کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ کار بکەن، لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ کۆتایی بە قۆناغی سێهەمی پرۆسەی دەستنیشانکردن و بەربژارکردن هێنا.

سەرجەم ٣٠٨٥ فۆڕمی داواکاری لەسەرتاسەری عیراق پێشکەشکراون لەلایەن کەسانێك کە هیوایاخوازن بەکۆمیسیار دابمەزرێن. (لێژنەی شارەزایان)، کە لە نوێنەرانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی باڵای دادوەری و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێکهاتبوو، ئەم فۆڕمانەی یەکبەیەك و بە گوێرەی پێوەری بابەتییانەی پەیوەست بەو کارەی کە ئەنجامدانی لە کۆمیسیاران پێشبینی دەکرێت هەڵسەنگاند. لێژنەکە ئێستا ژمارەی داخوازییەکانی بۆ ١٦١ کەمکردووەتەوە کە ئەوانیش لەم هەفتانەی دادێت سەرلەنوێ لە تەتەڵە دەدرێنەوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا لیستێکی ٥٠کەسیی پاڵێوراوان بۆ چاوپێکەوتن ئامادە بکرێت. هەر بە تەواوبوونیشی، (لێژنە)کە لە کۆتاییدا ناوی ١١ پاڵێوراو دەداتە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دامەزراندنیان وەك کۆمیسیار.

بەدرێژایی پرۆسەی دەستنیشانکردنەکەش، نەتەوە یەکگرتووەکان هەر بەردەوام بووە لە پێشکەشکردنی یارمەتیی تەکنیکی و لۆجیستی بۆ (لێژنەی شارەزایان) لە ڕێگەی پرۆژەیەکی هاوبەشی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) و نوسینگەی مافی مرۆڤی سەر بە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عیراق (یونامی) و نوسینگەی عیراقی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ (OHCHR). دارایی پرۆژەکەش (سندووقی متمانەی گروپی گشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانی عیراق) و حکومەتەکانی بەلجیکا و دانیمارك و سوید دابینیان کردووە.

لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا، بەرپرسی ڕێکخراوی (UNDP) لە عیراق بەڕێز پیتەر باچلەر و بەرپرسی نوسینگەی مافی مرۆڤی یونامی بەڕێز فرانسێسکۆ مۆتا وتیان "نەتەوە یەکگرتووەکان دەیەوێت سوپاسی لێژنەی شارەزایان بکات بۆ ئەو شێوازە پیشەگەرییانەی کە تا ئێستا گرتوویانەتە بەر لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە گرنگەی پێانسپێردراوە و ئێمەش هانی ئەو لێژنەیە دەدەین کە ئەرکەکەی بەشێوەیەکی واڵا و کراوە و بەگوێرەی پێوەر و جێبەجێکردنە نێودەوڵەتییە پەسندەکان تەواو بکات.

لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨دا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق یاسای ژمارە ٥٣(٢٠٠٨) بۆ دامەزراندنی (کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ)ی پەسند کرد. ئەنجومەنی نوێنەران (لێژنەی شارەزایان)ی دروستکرد بۆ دیاریکردن و ڕاسپاردەکردنی پاڵێوراوی شیاو بۆ کارکردن وەك کۆمیسیار. لەم کارەشدا، وا لە دوەری ئەو لێژنەیە چاوەڕوان دەکرێت دەستەبەری بکات کە پرۆسەی دەستنیشانکردنەکە بە واڵایی و بەگوێرەی پێوەر و جێبەجێکردنە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دەدرێت.

(کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ) دەبێتە دەزگایەکی نیشتمانیی عیراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ. (کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ) ی بەهێز و سەربەخۆ زۆر گرنگە بۆ گەشەدان بە سیستەمی نیشتمانی و کاریگەری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای دیموکراسی و سەروەریی یاسا.

وەك پێشبینیش دەکرێت، بەشێك لە دەوری (کۆمیسیۆنیباڵایمافەکانیمرۆڤ)بەهێزکردنی توانای نیشتمانییە بۆ چاودێریکردن و ڕاپۆرتدان لەسەر دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە عیراق لەگەڵ خستنەرووی ڕاسپاردە بۆ پەڕلەمان و حکومەت سەبارەت بە دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و درێژەپێدان و ئاسانکردنی بەشداری لە نێوان حکومەت و هاوڵاتیانی عیراقدا سەبارەت بە پرسەکانی مافی مرۆڤ.

# ڕێککەوتن لە نێوان ڕێکخراوی (UNDP) و حکومەتی نەرویژ بۆ پشتگیریکردن لە رزگاربووانی توندوتیژیی جێندەری ئیمزا کرا

نووسینی: جولیێت تۆما / ڕێکخراوی (UNDP)ی عیراق



(لە چەپەوە بۆ راست) بەڕێز سۆرساس ئێگیل و خاتو جاکۆبسۆن ئێڤا تۆرێل لە باڵوێزخانەی نەرویج لە عیراق و بەڕێز پیتەر باچلەر بەرپرسی ڕێکخراوی UNDP لە عیراق. وێنە: UNDPی عیراق

لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ حکومەتی نەرویج ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ڕێکخراوی (UNDP) ئیمزا کرد بۆ (بەرنامەی ئاسایش و دادپەروەری و پشتگیریی خێزانی )ی ئەو ڕێکخراوە. ٣٤٥٠٠٠ دۆلارەکەی نەرویج لە بەهێزکردنی توانای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی عیراقی بەکاردێت بۆ دابینکردنی هاریکاریی یاسایی بۆ خەڵکی بێدەرامەت لە عیراق لەگەڵ جەخت خستنەسەر ئەو ژن و منداڵانەی کە لە توندوتیژیی جێندەری رزگاریان بووە لەگەڵ بەشوودانی زوو و بەزۆر. پشتگیرییەکەش لەڕێگەی بنکەکانی پاراستنی خێزانییەوە پێشکەش دەکرێت، کە لەسەرتاسەری وڵاتدا دامەزراون.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، لە هەر ٥ ژنێکی تەمەن ١٥ بۆ ٤٩ساڵی لە عیراق یەکێکیانلەسەردەستی مێردەکەی تووشی توندوتیژیی جەستەیی بووە. لە قوربانییەکانیش ١٤٪یان لەکاتی دووگیانیدا تووشی توندوتیژیی جەستەیی بوون و ٣٣٪یان تووشی توندوتیژیی دەروونی بوون، بە جنێو و هەڕەشە و سوکایەتیپێکردنیشەوە، ٨٣٪شیان لەلایەن مێردەکانیانەوە تووشی هەڵسوکەوتی کۆنترۆلکردن بوون بە سنووردارکردنی خزمەتی پزیشکیشەوە لێیان.

لەمبارەوە، جێگری سەرۆکی باڵوێزخانەی نەرویج لە بەغداد ئێگیل سۆرساس وتی "ئێمە بەهیواین بەم هاوبەشکارییە لەگەڵ ڕێکخراوی (UNDP) و کۆمەکبەخشەکانی تری وەك دانیمارك بتوانین جیاوازییەك لە ژیانی رزگاربووانی توندوتیژیی جێندەری لەعیراق دروست بکەین ".

ڕێکخراوی (UNDP)، بەهاوبەشکاری لەگەڵ حکومەتی عیراق و چەندان ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی جۆراوجۆری تر، (بەرنامەی ئاسایش و دادپەروەری و پشتگیریی خێزانی )ی لە ٢٠١٠ لەسەر شێوازیکی ئەردەنی هاوشێوە دروستکرد بەمەبەستی پێشکەشکردنی پشتگیری و حەوانەوە بۆ رزگاربووانی توندوتیژیی جێندەری. پڕۆژەکە توانای دەزگاکان بۆ دامەزراندنی بنکەی پاراستنی خێزانی بۆ باشکردنی جێبەجێکردنی یاسا و زیادکردنی دەستگەیشتن بە یاسا بەهێز دەکات.

پێتەر وتیشی "بەم بەشدارییە زیاتر ژن و منداڵی رزگاربووی توندوتیژی دەتوانن باشتر دەستیان بگاتە یاسا و ئەو پشتگیرییەی ئەوان پێویستیانە بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی کۆمەڵگاکانیان و بەسەربردنی ژیانی ئاساییان".

(بەرنامەی ئاسایش و دادپەروەری و پشتگیریی خێزانی)ی ڕێکخراوی (UNDP) کار دەکات بۆ دروستکردنی توانای بڕیاربەدەستە سەرەکییەکان و تایبەتمەندە تەکنیکییەکان لە هەوڵەکانیان بۆ پشتگیریکردنی رزگاربووانی توندوتیژیی جێندەری.

بەرنامەکە پشتگیری لەحکومەتی عیراق دەکات بۆ دروستکردنی شێوازی کاریگەری پەیوەست بەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە تازە بۆ پاراستنی خێزان لە بەغداد و هەرێمی کوردستان دامەزراون.

بەگوێرەی (بەرنامە) کە، فێرکەران و پەرلەمانتاران و کارمەندانی وەزارەتەکان ڕاهێنانیان لەسەر تواناسازی پێدەکرێت بۆ دروستکردنی شێوازی کاریگەر لەسەر توندوتیژیی دژی ژنان و منداڵان. کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پاراستنی خێزانیش ڕادەهێنرێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە رزگاربووان ڕاوێژی یاسایی و هاوکاریی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پزیشکیی پێویستیان پێدەدرێت. پۆلیسەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پاراستنی خێزانیش بەهەمان شێوە ڕاهێنانیان لەسەر چونیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێسەکان و دادوەریی پزیشکی پێدەکرێت و کارکەرانی تەندروستی و کۆمەڵایەتیش ڕاهێنانی تەکنیکییان لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتی ڕاوێژپێکردن پێدەکرێت.

پەیوەندی لەنێوان بەڕێوەبەرایەتییەکانی پاراستنی خێزانی و ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنیی چالاك لە بواری توندوتیژیی جێندەری لە ناوچەکەدا و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگاکان و سەرکردە ئایینیەکانیش پێویستە بەهێز دەکرێت.

بەرنامەکە لە ١ی نیسانی ٢٠١٠ دەستی پێکرد و بڕیار وایە لە ٣١ی ئاداری ٢٠١٣ش کۆتایی بێت.

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە بە جولیێت تۆما لە ڕێکخراوی (UNDP)ی عیراق بە ئیمەیلی juliette.touma@undp.org یان بە ژمارە تەلەفۆنی ٩٦٢٧٩٨٢٦٣٤٣٧ +

## گەشەپێدان

# وەزارەتی تەندروستی عیراق و رێکخراوی یونیسێف هاوبەشانە هەڵمەتی کوتانی منداڵان دژی نەخۆشی سیل ئەنجامدەدەن



کوتانی  مندالێك لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ لە بنکەیەکی چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی لە خەبات لە پارێزگای سلێمانی کە یونیسێف دروستی کردووە. وێنە: بیکەم ئەکبەرزادە/بەشی راگەیاندنی یونامی

یەك ملیۆن ژەمەدەرمانی پێکوتەی (بی سی جی)ی دژە سیل لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ گەیشتە بەغداد. ئەمە یەکەم باری ئەو پێکوتەیەیە کە بەگوێرەی رێککەوتنی ئیمزاکراوی نێوان وەزارەتی تەندروستی و رێکخراوی یونیسێف پەیدا بکرێت بۆ باشکردنی چۆنایەتیی ئامێر و پێکوتە و داودەرمانی پزیشکی لەسەرتاسەری وڵاتدا. بەگوێرەی رێککەوتنەکەش، کە لە مانگی تەموزی ٢٠١١ مۆر کراوە، رێکخراوی یونیسێف، لەرێگەی (بەشی دابینکردن)ی رێکخراوەکە لە دانیمارك، پشتگیریی تەکنیکی و لۆجیستی پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی دەکات بۆ پەیداکردن (کڕین)ی پێکوتەی زیاتر پێویست.

وا دانراوە کە لە سەرەتای ساڵی داهاتوو ٢.٤ ملیۆن ژەمهدەرمان بگاتە جێ. عیراق بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی پێویستی بە ٣ ملیۆن ژەمەدەرمان هەیە. ئامێر و کەرەسەی تریش بەگوێرەی رێککەوتننامە هاوبەشەکە دەکڕدرێن وەك باری ڤیتامین A و شیری چارەسەر، کە بۆ بەگژاچوونەوەی بەدخۆراکی پێویستن، لەگەڵ هەندێ کەلوپەلی تری نەخۆشخانە. هەروەها، رێکخراوی یونیسێف پشتگیری دەکات لە (کۆمپانیای دەوڵەتی بۆ خستنەبازاڕی ئامێری پزیشکی و دەرمانی) سەربە وەزارەتی تەندروستیی عیراق لە بەڕێوەبردنی کۆگا و کارە لۆجیستییەکانی.

## گەشەپێدان

# بەرپرسان و شارەزایان بایەخی زیاتر بە گەنجان دەدەن

نووسینی: خالید خالید / UNDPی عیراق

تیمێکی بەرپرسانی عیراقی و جیهانی و شارەزایان لە ١٨ی  تشرینی دووەمی ٢٠١١ کۆتاییان بە گەڕێکی دوو رۆژیی راوێژکاری لە ئەستەنبوڵ هێنا و بەمەش ئامادەکارییەکانی دەرکردنی راپۆرتی نیشتمانیی گەشەپێدانی مرۆیی ٢٠١٢ی عیراقیان تەواوکرد. راپۆرتەکە، کە تا ئێستا سێهەمە، جەخت دەکاتە سەر (گەنج) کە ئەمەش بابەتێکە زۆر پەیوەندیی بەو سیاقەوە هەیە کە ئێستا ناوچەی عەرەبیی گرتووەتەوە لەگەڵ ئەو ئاستەنگە زۆرانەی کە بەرەورووی گەنجی عیراق دەبنەوە.

عیراق یەکێکە لە وڵاتە پڕگەنجەکانی جیهان کە بەگوێرەی مەزەندە نزیکەی نیوەی دانیشتوانە ٣٠ ملیۆنییەکەی گەنجی خوار تەمەن ١٩ ساڵەوەن. بەهەر حاڵ، رێژەی بێکاری لە نێوان گەنجانی عیراق لە ٣٠٪یە کە ئەمەش دووقاتی تێکڕای نیشتمانییە.

لەمبارەوە، وەزیری پلاندانانی عیراق د. یوسف عەلی ئەلشوکری وتی "حکومەتی عیراق دەسخۆشی لە ئامادەکارییەکانی دەرکردنی ئەم راپۆرتە دەکات بەو پێیەی ئامرازی بەتواناکردنی گەنجان دابین دەکات و وەڵامی پێویستییەکانیشیان دەداتەوە". هەروەها وتیشی "بەهۆی دەیان ساڵی شەڕ و ئاژاوە، گەنجانی عیراق بەدەست پشتگوێخران و پەراوێزخستنەوە دەناڵێنن. لە راستیدا، ئەوان شایستەی ئەوەن کە بتوانن ئایندەی گەشی خۆیان دارێژن و ژیانێکی خۆشگوزەران و ئاسوودە بەسەر ببەن".




بەشداران لە ئەستەنبول لە ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ راسپێردراون بە تەواوکردنی راپۆرتی نیشتمانیی گەشەپێدانی مرۆیی عیراق. وێنە: رێکخراوی  UNDP

## گەشەپێدان

عیراق پێشتر دوو راپۆرتی (گەشەپێدانی نیشتمانیی مرۆیی)ی ئامادە کردبوو. راپۆرتی یەکەم لەساڵی ١٩٩٥ ئامادەکرابوو کە کاریگەریی ئابلۆقەی نێودەوڵەتیی لەسەر دانیشتوانی عیراق بە زەقی دەردەخست. راپۆرتی دووەمیش لە ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوکرایەوە کە جەختی دەخستە سەر (ئاسایشی مرۆیی) لە عیراق و دەشیویست دۆخی گەشەپێدان لە وڵات دوای رووخانی رژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣دا هەڵسەنگێنێت. راپۆرتەکە پاڵپشتی لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کرد و ئاماژەی سەرەکیشی بۆ (پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی بۆ ٢٠١٠ــ ٢٠١٤) کردبو.

رێکخراوی (UNDP)ی عیراق ئاژانسی سەرقافڵەیە لە پشتگیریکردنی ئامادەکردنی (راپۆرتی نیشتمانیی گەشەپێدانی مرۆیی). مەبەستی کۆتایی ئامادەکردنی راپۆرتەکە یارمەتیدانی پلاندانەران و سیاسەتدارێژەرانی عیراقە لە رێنمونی کردنی پرۆسەی گەشەپێدان لە وڵاتدا. ئەو شیکار و داتایانەی کە راپۆرتەکە دەیاندات یارمەتیی کاراکتەرانی تری پەرەپێدانی نیشتمانی، وەك کۆمەڵگەی مەدەنی و راگەیاندن و تەواوی خەڵکی عیراقیش، دەدەن بۆ بەشداربوونی کاریگەرانە لە پرۆسەی گەشەپێدانی نیشتمانیدا.

(راپۆرتی نیشتمانیی گەشەپێدانی مرۆیی) لەلایەن تێمێك لە شارەزانی نیشتمانیی سەربەخۆوە ئامادە دەکرێت بەمەبەستی پشتگیریکردنی حکومەت لە دارشتنی سیاسەت و پلاندانی گەشەپێدان. د. ئەلشوکری لەمبارەوە دەڵێت "بڕیاری نیشتمانی لەسەر (راپۆرتی نیشتمانیی گەشەپێدانی مرۆیی)ی نوێ جەختکردنە لەسەر بەتواناکردنی گەنج. ئەمەش لە باوەڕبوونمانەوە بە گرنگیی ئەم توێژەی کۆمەڵگەی عیراقی سەرچاوەی گرتووە، بە هەموو ناخۆشییەکانی لە چەندان ساڵەی پشتگوێخستن و پەراوێزخستن و نەهێشتنی توانا بە هۆی بەشدارییانەوە لە شەڕ و ئەزمەکان چەشتوویانە. بایەخدانمان بە گەنج بە هۆی ئەو دەورە گرنگەشیەتی کە لە دارشتنی ئایندە خۆیاندا دەتوانێت بیبینن"

وەزیری پلاندانان ئەلشوکریی سەرۆکایەتیی شاندەکەی عیراقی دەکرد کە چەندان نوێنەری ئاستبەرزی وەزارەتە جۆراوجۆرەکانی بەغداد و هەولێر و ئەکادیمیان و کۆمەڵگەی مەدەنیشی گرتبوەخۆ. بەشدارە بیانییەکانیش بریتی بوون لە نوسینگەی گەشەپێدانی راپۆرتی مرۆیی، کە بارەگاکەی لە نیۆرکە، و رێکخراوی (UNDP) و کۆمیسیۆنی ئابووری و کومەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ رۆژئاوای ئاسیای (ئیسکوا) و بەشدارانی تر لە سندوقی نهتهوه یهکگرتووهکان بۆ دانیشتوان ( (UNFPA و یونیسێف و نوسینگەی هەماهەنگسازی نیشتەجێی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە جولیێت تۆما لە رێکخراوی (UNDP)ی عیراق بە ئیمەیلی juliette.touma@undp.org یان بە ژمارە تەلەفۆنی ٩٦٢٧٩٨٢٦٣٤٣٧ +

## کورتە هەواڵ

### گەورە بەرپرسێکی رێکخراوی UNDP سەردانی بەغداد دەکات بۆ پتەوکردنی هاوبەشکاری و راگەیاندنی فراوانکردنی ئامادەبونی رێکخراوەکە

یاریدەدەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەڕێوەبەری نوسینگەی هەرێمیی (UNDP) بۆ وڵاتە عەرەبییەکان خاتو ئامات ئەلعالیم ئەلسۆسوا لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ سەردانی بەغدادی کرد و لەوێش فراوانبوونی ئامادەیی کارمەندانی لە عیراق راگەیاند و پابەندیشی بۆ عیراق و خەڵکەکەی لە رێگەی هاوبەشکاریی و هاوکاریی پتەوەوە نوێکردەوە.

لەمبارەوە ئەو بەرپرسەی نەتەوە یەکگرتووەکان وتی "ئێمە ژمارەی کارمەندانمان لە عیراق سێ قات زیاد کردووە بۆ ٤٤ کەس و بۆ ساڵی دادێت پلان بۆ فراوانبوونی زیاتریش هەیە. هەموو ئەو کامەندانە و هەر یەکێکیان پابەندە بە باشترکردنی ژیانی عیراقییەکان لەرێگەی هاوبەشکاریی توندوتۆڵ لەگەڵ حکومەتی عیراق و خەڵکەکەی ".

سەردانەکەی ئەو بەرپرسە بە کۆبونەوە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عیراق هۆشیار زێباری دەستی پێکرد. هەردولا تاوتوێی پێویستییەکانی گەشەپێدانی عیراقیان کرد بە بەشدارییپێکردنی زیاتری ژنان لە پرۆسەی ئاشتی و ئاشتبونەوە. لەگەڵ باسی هاوبەشکردنی تێچوونی



یاریدەدەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەڕێوەبەری نوسینگەی هەرێمیی (UNDP) بۆ وڵاتە عەرەبییەکان خاتو ئامات ئەلعالیم ئەلسۆسوا. وێنە: رێکخراوی UNDP

پرۆژەکان و ئامادەبوونی فراوانی رێکخراوی (UNDP) لە وڵاتدا. هەروەها ئەو بەرپرسەی UNDP لەگەڵ چەندان بەرپرس و نوێنەری تری کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش کۆبۆوە.

### پرۆژەیەك لە پاڵنەرەکانی شەڕ و ئەرکەلەپێشەکانی گەشەپێدان لە سنووره ناوخۆییه کێشەلەسەرەکان دەکۆڵێتەوە

له ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١١دا بهرنامهی نهتهوه یهکگرتووهکان بۆ پهرهپێدان( UNDP) و رێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) رێکەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد بۆ ئەنجامدانی کاری پشتگیریکردنی (شیکاری ئاشتی و گەشەپێدان)، کە پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان بهرنامهی نهتهوه یهکگرتووهکان بۆ پهرهپێدان (UNDP ) و (بەشی شیکار و زانیاریی ناورێکخراوەیی نەتەوە یەکگرتووەکان)ە.

مەبەستیش لە دەستپێشخەرییەکە گەڕانە بەدوای تێگەیشتن لە پاڵنەرەکانی شەڕ لەو ژینگەیە و ئەرکەلەپێشەکانی گەشەپێدانی پەیوەنددار لە ناوچەکانی سنووره ناوخۆییه کێشەلەسەرەکان لە باکووری عیراق. دەستپێشخەرییەکە دەبێتە مایەی دەستخستنی زانیاریی راستەوخۆ بۆ دڵنیابوون لەوەی بەرنامەدارێژیی گەشەپێدان لەو بوارانەی لەلایەن ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەنجامدراون بۆ پێویستییە ناوخۆییەکان گرنگ و هەستیارن.

وەك بەشێکیش لە پرۆژەکە، رێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM)، چاوپێکەوتنی

ئەنجامدا و لە پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکوکیش سەرکردایەتیی کۆمەڵەکانی گفتوگۆی کرد کە ئەمەش بەشدارییە بۆ دوا راپۆرتی (شیکاری ئاشتی و گەشەپێدان). بەگوێرەی رێککەتنامەکەش، رێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) هاریکاری پێشکەش بە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) دەکات بۆ پرۆژەی (دایەلۆگی نەینەوا) کە ئامانجی بەهێزکردنی توانای ناوخۆییە ە پێناو بەهێزکردنی دایەلۆگ و لێکتێگەیشتن لە نێوان کۆمەڵگاکاندا لە پارێزگای نەینەوا.

## عیراق وەك زلهێزێکی تازەی نەوت دەردەکەوێت

لە ٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١١دا، (بەشی شیکار و زانیاریی ناورێکخراوەیی نەتەوە یەکگرتووەکان) بە هاوکاریی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP )، (سیپارەی راستی)یان لەسەر نەوت و گازی عیراق دەرکرد، کە پێشکەوتنەکانی کەرتی نەوت شیدەکاتەوە.

بە گوێرەی یەکێك لە دەرئەنجامە سەرەکییەکانی شیکارەکەش، عیراق ١٤٣ بلیۆن بەرمیل نەوتی یەدەگی سەلمێنراوی هەیە و توانای ٢٠٠ بلیۆن بەرمیلی زیاتریشی هەیە، ئەمەش دەیخاتە ناو کۆمەڵێکی بچوك لەو وڵاتانەی کە توانای باڵایان لە بەرهەمهێنانی نەوتدا هەیە و ریزبەندیشیان لە بازاری فرۆشتنی نەوتیدا لەپێشەوەیە. لەمەش زیاتر، وا دانراوە کە یەدەگی زۆر گەورەی گازی وڵات، کە تا ئێستا وەك پێویست بەکار نەهاتووە، کۆنترۆڵ بکرێت بۆ پەرەدان بە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی کارەبا. بەهەر حاڵ، سەرەرای هەواڵی دڵخۆشکەر، کەچی شیکارەکە هۆشداریی ئەوەش دەدا کە گەشەکردن و دروستکردنی هەلی کار لە کەرتی نانەوتیدا بە سنورداری دەمێنێتەوە ئەگەر هەوڵی جیددی بۆ جۆراوجۆرکردنی ئابوری و ناردنی داهاتی نەوت بۆ کەرتی تایبەت نەبێت.



منداڵان لە پێشبرکێیەکی وێنەکێشاندا لە خانەی کەلتوری منداڵانی بەغداد کە لەوێ زیاتر لە ١٠٠ منداڵ، لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری و رێکخراوی یونیسێف، بە بۆنەی (رۆژی مافی منداڵان)ەوە ئاهەنگیان گێرا. وێنە: سەبحا ئارار /یونیسێفی عیراق

## عیراق ئاهەنگ بۆ ٢٢ەمین ساڵیادی پەیماننامەی مافەکانی منداڵان دەگێڕێت

لە یادکردنەوەی (رۆژی جیهانیی منداڵان) و ٢٢ەمین ساڵیادی (پەیماننامەی مافەکانی منداڵان)دا، پارێزگاکانی سەرتاسەری عیراق لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ میوانداریی ئاهەنگێکی یەك هەفتەییان کرد سەبارەت بە مافەکانی منداڵان و دەسەڵاتدارانی حکومەت سەرکردەکانی کۆمەڵگا و هەزاران منداڵ بەشدارییان کرد.

هەر لەسەر بنەمای چالاکییەکانی ساڵی رابردوو، کە هەر ١٨ پارێزگایەکەی عیراق دامەزراندنی (لێژنەکانی مافەکانی منداڵان)یان لە ناو ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بە ئاشکرا راگەیاندبوو، ئەمساڵیش رێکخراوی یونیسێف داوای لە هەموو پارێزگایەکان کرد کە بەپەلە دەست بە وەبەرهێنانی زیاتر لە منداڵە هەرەبێبەشەکاندا بکەن.

لە ناو ئاهەنگە سەرنجراکێشەکانی ئەمساڵی (رۆژی منداڵان)دا، پارێزگای نەجەف رێپێوانێکی بۆ ٤٠٠ منداڵ بەرەو هۆڵی ئاهەنگەکانی پارێزگا رێکخست کە لەوێ پارێزگار (خەڵاتی مافەکانی منداڵ)ی راگەیاند. (خانەی کەلتووری منداڵانیش ( لە وەزارەتی رۆشنبیری) لە بەغداد بە ئامادەبوونی ١٥٠ منداڵ ساڵیادەکەی کردەوە کە بووە مایەی دروستبوونی پێشبرکێ و یاری دەربارەی مافەکانی منداڵان. هەروەها، یادکردنەوە و سەکۆیکار لەسەر مافەکانی منداڵان لە پارێزگای (دهۆك)یش ئەنجامدران.




(سیپارەی راستیی UNDP) و (بەشی شیکار و زانیاریی ناورێکخراوەیی نەتەوە یەکگرتووەکان) پەرەسەندنەکانی کەرتی نەوت و گازی عیراق شیدەکاتەوە.

## ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی: هەنگاونان بەرەو (ستراتیژی خۆراکپێدانی نیشتمانی)ی ١٠ساڵە

لە ١٦ تا ١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١١، وەزارەتی تەندروستیی عیراق، بە هەماهەنگیی چڕوپڕ لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و ڕێکخراوی یونیسێف، چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا بۆ ئاسانکاریکردنی پێشڤەچوون لە پێداچوونەوەی یەکەم ڕەشنوسی (ستراتیژی خۆراکپێدانی نیشتمانی) بۆ عیراق و پلانێکی کار بۆ دە ساڵی دادێن(٢٠١٢-٢٠٢١).

کۆبونەوەکان لە هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق ئەنجامدران و تێیاندا چەندان بواری پەیوەست بە خۆراکپێدانی وەك سیاسەتەکان و ستراتیژی خۆراکپێدانی دایکانە و قەڵەوی و ژەمەخۆراکی قوتابخانە و خەڵکی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و ئاسایش و سەلامەتیی خۆراك و کەمیی پێکهاتەی خۆراکی باسکران.

پێشکەوتنی بەرچاو لە گەشەپێدانی بەڵگەنامەی ستراتیژی پوختەکراودا هاتووەتە ئاراوە لەگەڵ پلانێکی ١٠ساڵەی کارپێکردن کە بۆ پوختەکردن بۆ لێژنەی ئاستبەرز و راوێژکارانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی یونیسێف دەنێردرێت.

ئامانجی گشتی باشکردنی دۆخی خۆراکییە بۆ خەڵکی عیراق بە درێژایی قۆناغەکانی ژیان و ئاستەنگە تەندروستییە سەرەکییەکان بۆ ١٠ ساڵی دادێت.



وەك بەشێك لە سەکۆیکاری هەولێر سەبارەت بە جێبەجێکردنی رووپێوی خۆراکپێدانی دایکان و منداڵان، بەشداران، لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١١دا، راهێنان لەسەر پرۆسەی وەرگرتنی خوێن دەکەن. وێنە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی-عیراق

## ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەکۆیکارێك بۆ ئەو تیمانە ئەنجام دەدات کە لە جێبەجێکردنی رووپێوی خۆراکپێدانی دایکان و منداڵاندا بەشدارن

وەك بەشێك لە هەماهەنگیی هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی یونیسێف، لە ١٨ تا ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ سێ سەکۆیکار لە هەولێر سازکران بۆ ئەو تیمانەی کە لە جێبەجێکردنی رووپێوی (بەهانەوەچوونی هەڵسەنگاندنی پێکهاتەی خۆراکی) بەشدارن.

یەکەم سەکۆیکار راهێنانی بە ٣٨ سەرپەرشتیاری ناوەندی و ناوخۆیی لە سەرتاسەری پارێزگاکانی عیراق کرد سەبارەت بە تاکتیکەکانی سەرپەرشتیکردن. سەکۆیکاری دووەم راهێنانی بۆ ٦٥ ئەنجامدەری چاوپێکەوتن و ئامارزانانی چەند وەزارەتێك ئەنجامدا. سەکۆیکاری سێهەمیش راهێنانی بۆ ٦٣ تەکنیکارانی تاقیگە و خوێنبەردەر لە وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەکانی تەندروستیی تەواوی پارێزگاکان ئەنجامدا لەسەر وەرگرتنی میز و خوێن لە وڵامدەران (ژن و منداڵ).

سەکۆیکارەکان دەستنیشانی ژمارەیەك پرس و گرفتیان کرد کە ڕووبەڕووی تەندروستیی دایکان و منداڵان و خۆراکپێدان دەبنەوە. (ڕووپێو)ەکە لە ناوەڕاستی مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١١ لەسەرتاسەری وڵاتدا جێبەجێ دەکرێت و زانیاریش سەبارەت بە تەندروستی و خەسڵەتە کۆمەڵایەتی-دیموگرافیەکان، کە هەڕەمەکییانە لە چەند خێزانێکی دەستنیشانکراو وەرگیراون، دەگرێتەوە.

**هەواڵنامەی یونامی** مانگانە لە لایەن نوسینگەی راگەیاندنی گشتیی یونامی دەردەچێت و بابەتەکانیش مەرج نییە دەربڕی رای نەتەوە یەکگرتووەکان یان یونامی بێت. بابەتەکان ئازادانە بڵاو دەکرێنەوە لەگەڵ سوپاس بۆ هەواڵنامەی یونامی

بۆ لێدوان و پێشنیار پەیوەندی بکەن بە

unami-information@un.org

سەرۆکی نوسینگەی راگەیاندن / وتەبێژ: رادیە عاشوری

سەرۆکی بەشی بڵاوکراوەکان: عائیشە بەسری

نوسیار: کرێستۆفەر سێسمانیك

فۆتۆ: بیکەم ئەکبەرزادە

دیزان و گرافیك: سالار بریفکانی

**لیستی کورتکراوەی ناوەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتی عیراق ٢٠ ئەندامی هەیە، ١٦ لەوانە نیشتەجێن و ئەوانی تر نیشتەجێ نین. ئەندامەکانی ئەو تیمە ئەمانەن:

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆراك و کشتوکاڵ (FAO) و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگسازیی کاروبارە مرۆییەکان (OCHA) و نووسینگەی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ (OHCHR) و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان- یونیسێف UNICEF و دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکسانیی جێندەری و بەتواناکردنی ئافرەتان (ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان UN WOMEN) و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان UNDP و ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆژئاوای ئاسیا (ESCWA) و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری (یونیسکۆ UNESCO) و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە (UNEP) و کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی (UN-Habitat) و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی (UNIDO) و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوان ومادە هۆشبەرەکان و (UNODC) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزارییەکانی پرۆژەکان یونۆپس (UNOPS) و بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی( WHO ). سەرباری دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەریەك لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) و بانکی نێودەوڵەتی ئەندامن لە تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتی عیراق.